

**ئەو کورەی بەر پەنجەری ژوورەکەم بەر نادات**

سابات

ئەی ئەو کورەی لەگەلای پرتقاڵ دەچیت ماندوو نەبوویت هێندە بەدیار
پەنجەری ژوورەکەم بوەستیت ؟؟
ماندوو نەبوویت هێند چاو بەبریتە شوشەی پەنجەرەکەم و
کۆتری ئەوینت راسپێریت تا بە دەنوکە سورەکانی لە خەوی بێ مەیلم
بۆ تۆ بە ئاگام بێنت ؟؟
سەیرم لێت دێت کە شەکت نابیت و هەموو رۆژ لە هەمان شوێن وەک
دار سنوبەرێک دەوستی و هەمیشە سەوزتر و سەوزتر دەبیت
بە تاسەوە بە من دەڵێ تەنها گوێت لە ئاوازی دڵــم بێت
بزانە چۆن میوزیک زانێکم و هەموو رۆژ بە جۆرێک بۆ شیرینی
چاوانت ئاواز دەژنم ..
پێم دەڵێ شەوان ناخەوم هەر خەریکی نووسینی قەسیدەم
بۆ تۆ دەمە وێت درێژ ترین قەسیدەت بۆ بنوسم ....
سەیرم لێت دێت کە دڵێ
کچە ئەسمەرە باڵا بەرزەکە ماڵەکەی من تەنها لە تۆی کەمە
وەرە بە بە بە چرا خانی ماڵم
بەبە گــوڵــی باخم ...بە بە بە دایکی مناڵم
من چەند دەست دەنێم بە رووتەوە
تۆ هێندەی تر شەیدام دەبیت ...پێم بڵێ ماندوو نەبووی هێندە
لەبەردەم پەنجەری ژوورەکەم بوەستی ؟؟؟
هێندە روحی ســپی بێگەردەت بە سپێریت بەو دڵ رەقیەی منەوە
نازانم چۆن پێت بڵێم ...
ئەترسم لەوە زیاتر بریندارت کەم
پێت بڵێم من دڵــم بە دەستی نا میهرەبانێک شکاوە
تا ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی پارچەکانی دڵــم و بە دوای کۆکردنەوە
رەنگە وون بووەکانی خۆمم ......
ئەمەوێت پێت بڵێم تۆ بەو هەموو میهرەبانیتەوە
چیت داوە لە دڵـێک کە بە چەقۆی خیانەت لەت لەت کراوە
جیت داوە لە باڵای من کە چەشنی پایز هەڵ وەریوم
ئەترسم بریندارت کەم ....تەنها دەڵێم
بەر پەنجەری ژوورەکەم بەردە . من روناکی نابەخشمەوە
من چەشنی مۆمیکم هەموو شەو ئەسوتیم وردە وردە ئەتوێمەوە.

سابات